# بڕینی گەردن، نەك بڕینی نان

بڕیاری دەركردنی نوسەرو ڕۆژنامەنوس ( ئاسۆ جەبار ) لەكارەكەی هەڕەشەیەكی مەترسیدارە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین لەهەرێمی كوردوستاندا، ئەمەش بەتەنها كێشەیەكی كارگێریو وەزیفی نیە، بەقەد ئەوەی پێشێلكارییە دژ بەمافەكانی مرۆڤ، كەلە پێشەوە بەنانبڕین دەستپێدەكاتو دواتریش بەتیرۆرو كوشتن كۆتایی دێت .

پەرچەكرداری بەرپرسانی حكومەتی هەرێم، بە ترساندن و پەراوێزخستن و دەركردنی كەسە ناڕازیو ئازادەكانی ئەم ولاتە لەفەرمانگەو دامەزراوەكانی حكومەتدا، سیاسەتێكی مەترسیدارەو خزمەت بەسیستمێكی گەندەڵو ئەو كەسانە دەكات كە لەو گەندەڵییە سودمەندن، بۆیە ئەمڕۆ ئەركی هەموو تاكێكی ئازادیخوازە ڕوبەڕوی ئەم پێشێلكاریانە بوەستێتەوەو بەتوندی ئیدانەی بكەن .

بەداخەوە..هەتا ئێستا لەهەرێمی كوردستاندا (نەبەرپرسێكی گەندەڵ، نەكۆمپانیایەكی فاشیل، نەدەهۆڵكوتەكانی دەسەلات، نەوەزیرێكو بەرێوەبەرێكی گشتیو تەنانەت بەرپرسێكی گچكەش نەك لەسەر كەمتەرخەمی بەڵكو لەسەر دزیش ڕوبەڕوی لێپرسینەوەی جدی نەكراوەتەوە..! كەچی ڕۆژانە ئازادیخوازان، نوسەرانو ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنوسان، ئازاردەدرێنو نانبڕاوو تەنانەت دەشكوژرێن.

لەكاتێكدا دەسەلاتدارانی كوردستاندا باش دەزانن لەلایەك ئەمڕۆ قەیرانی پلانەكانی حكومەتی ناوەندیو مانۆری سەربازی لەسەر هەرێمی كوردستان هەیەو لەلایەكی تریشەوە لەناوەندە جیهانیەكاندا ئەزمونی هەرێمی كوردستان چاودێرییەكی هەمەلایەنەی لەسەرە، سەبارەت بە پێشێلكارییەكانی ڕەوشی خراپی مافی مرۆڤ، ئەم ڕاستییە تاڵەش بەهۆی هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی كاربەدەستانی ئەم ولاتەو گەندەڵیو بەرتەنگكردنەوەی مافو ئازادییەكانو نمایشنەكردنی وێنەیەكی جوان بەدنیا، ئەوەتا دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دۆستەكانمان لەدەستدەدەین، كە ئەمەش گورزێكە بەر ئایندەی كۆمەڵگەی كوردستانو ئەزمونەكەی دەكەوێو لەدەرئەنجامدا بەدەگمەن نوسەرێكی ئازادیخوازی جیهانیمان چنگ دەكەوێت لەدنیای بەریندا ئامادەبێ وتارێكی باشمان لەبارەوە بنوسێت یان داكۆكیەك لەم ئەزمونە بكات، ئەمەش بەفیرۆدانی ئەو ئەزمونەیە هەتاكو ساڵی 2004 زۆردەنگی دۆستو پشتیوانی دۆزەكەمان لە ئارادابوو، بیگومان هۆكاری لەدەستدانی دۆستەكانمان هەرخودی ئەو بەرپرسانەن كە ئەوەندەی بۆ ئیمتیاز پۆستیان پێبەخشراوە هێندە شایستەی بەرپرسیارێتی نین. ئەم بڕیارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و بارودۆخی زیندانەكان و ڕەوشی خراپی مافی مرۆڤ و سوكایەتی پێكردنو تیرۆری ژنان و چەوسانەوەی منالان لەلایەكو هەڵئاوسانی بەرپرسە گەندەڵەكانیش لەلایەكی ترەوە ئەو وێنە دزێوەن كە لەكوردستان نەبێت لە هیچ شوێنێكی تر شایەنی قبوڵكردن نیە .

فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی كە هەمیشە بە پێی توانای خۆی ڕوبەڕوی سەرجەم دیاردە دزێوەكان بۆتەوە و ئیدانەی پێشێلكارییەكانی كردووە، بڕیاری ژمارە ( 1-11-7227 ) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری، كە لە بەرواری 10-9-2008 بۆ دەركردنی ڕۆژنامەنوس ( ئاسۆجەبار )دەرچووە "بەبێ ئەوەی هۆكارەكەی ڕونكردبێتەوە" ئیدانە دەكەینو داوا لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دەكەین بەبڕیارەكەیدا بچێتەوەو ئاسۆجەبار بچێتەوە سەركارەكەی، چونكە لێكدانەوەی ئێمە بۆ ئەو بڕیارە هەرئەوەیە كە لەسۆنگەی ئەو چاوپێكەوتنەوەیە كە لە"ڕادیۆی نەوا" لەگەڵ ڕۆژنامەنوسی ناوبراودا سازكراوەو ڕەخنەی لەسیستمی دەسەلاتو نایەكسانیو گەندەڵی گرتووە لەناو دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. بە پێچەوانەوە، ئەم بڕیارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بە پێشێلكردنی ئازادی ڕادەربڕین دەزانینو لە ( ڕاپۆرتی فیدراسیۆنەكەشماندا لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ و ئازادییەكان ) تۆماری دەكەین.

**فیدراسیۆنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی**

سلێمانی 18-9-2008

# ناوی ڕێکخراوەکانی فیدراسیۆنی کۆمەڵگەی مەدەنی

| | |
|---|---|
| پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن - KIE | 1 |
| ڕێکخراوی وادی - WADI | 2 |
| سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ - DHRD | 3 |
| ڕێکخراوی دەستپێشخەری کومەڵی مەدەنی - CSI | 4 |
| ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد - KHRW | 5 |
| مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی - BCC | 6 |
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی یاساو مەدەنیەت - LCDO | 7 |
| ڕێکخراوی ڕاسان بۆ بەرەنگاری لەتوندوتیژی ژنان | 8 |
| ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاری لەتوندوتیژی ژنان | 9 |
| ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان - KVRA | 10 |
| ڕێکخراوی چاك - CHAK | 11 |
| ڕێکخراوی سپێدە | 12 |
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کوردستان - KCDO | 13 |
| ڕێکخراوی هاوپەیمانی ژنان لە پێناو دیموکراسی - WAFDI | 14 |
| ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال - NLO | 15 |
| ڕێکخراوی کوردۆ - KURDO | 16 |
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی چالاکی لاوان - YADK | 17 |
| ڕێکخراوی تیشك بۆ گرنگیدان بەبواری ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤ | 18 |
| ڕێکخراوی کیدۆ بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان - KEDO | 19 |
| ڕێکخراوی بزاڤی بەرەو مەدەنیەت | 20 |
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی مرۆڤودیموکراسی – DHDO | 21 |